# ئەو ببورانەی دەكرا لە كاتێكی تردا بوترێن.

12فبرایەری 2000

شیعری بەكر ئەحمەد

تۆ لە دوشەكە دێیتە دەر
بەڕووتی لەبەر ئاوێنەی ماڵەكەدا ڕادەوەستی.
من بۆ لای خۆم كێشتدەكەم.
تۆ بە پرچ و
بە جەستەی تەڕ و لووسەوە
بەسەرما هاوارێك دەكەیت:
"هیچ كات و ساتت لانییە!"
ئەو كاتە زمانم گیرا.
ئاخر شە پۆلی ناو شووشەی ئاوێنەكە
ڕوخساری تۆی لێمدەگۆڕی
وێنەی ناو شووشەی ئاوێنەی "شێت بوو" لە كوێ و
وێنەی ئەوەی كە هەر خۆتی.
ببورە ئەوسا نەمزانی وات پێبڵێم.

لەسەر چرپاكە ڕادەكشێیت.
كتێبێكت بەدەستەوە و
بەناو جۆكەلەی وشەدا, بە كراسی كورتی بەرتەوە
بە پێی پەتی دێیت و دەچی.
پاش ماوەیەك سەرنجدەدەم
كتێبەكەی سەر ڕوخسارت دەموچاوت داگیردەكا.
من دێمە لات

به هێواشی, کتێبەکە لەسەر چاوانت لادەبەم
"بۆ پرس ناکەی؟
من لەناو خەونی وشەدام, بۆ دێیت و بێدارم دەکەی"
ئەو کاتە زمانم گیرا.
من دەترسام
نەبا جۆگەلەی ڕستەیەك بە چاوەکانتا بڕژێت و
لە خەوی قوڵ بێدارت کا.
ببورە ئەوسا نەمزانی وات پێبڵێم.

هەر تۆی گوڵەکان ئاودەدەی.
پاش چەند ڕۆژێکی دوای سەفەرکە دێیتەوە
دوو گوڵی زەردی ناو باخچەی ئینجانەکان
چاوانت بۆ خۆیان دەبەن.
تۆ پێمدەڵێی:
"دواین وشەی کە پێم وتی, بەر لەوەی ئێرە جێبێڵم, گوڵەکان بوون"
ئەو کاتە زمانم گیرا.
من لە ماڵێکدا گەورە بووم
"ئەگەر پەیژەیشت بۆ هەتاو دابنایە"
نەیدەتوانی بێتە حەوشە.
ئیتر گوڵ چۆنی بتوانێ, بەبێ هەتاو هەناسە با؟
ببورە ئەوسا نەمزانی وات پێبڵێم.

تۆ دێیتە ماڵ.
بە تەنهایت و

لە پشتیشتەوە بێکاری بە پێ دزکێ دەخزێتە ژوور.
دەستم لەسەر دەسکی دەرگا و کلیلێکیش بەدەستەوە
بەرلەوەی کە من بێمە ژوور
بێکاریم پێش خۆم دەکەوێ و ئەو دێتە ژوور.
لەناو ژمارەی کرێی ماڵ, تەلەفۆن و ئاو و ناندا
دەنگەدەنگێك, لە نێوا نماندا دێ و دەچێ.
ئەو کاتە زمانم گیرا.
نەمن سێبەرەکەی دوای تۆ و
نە تۆش سێبەرەکەی منت دەخوێندەوە.
ببورە ئەوسا نەمزانی وات پێبڵێم.

کراسێکی ڕەشی وەك پرچەکانی خۆت لەبەردایە.
کراسێکی ڕەشتر لە قژی من دەکڕی.
بەبەردەمما وەك پەپوولە سەما دەکەی.
" بۆ دەنگ ناکەی"
بە تیلەی چاو بانگمدەکەی.
"ئاخر ڕەنگی دیکە زۆرن"
لەناو سەماکەت دێیتە دەر,
لە شوێنی خۆت ڕادەوەستی: "بۆ هەر زەوقی خۆت فەرزدەکەی"
ئەو کاتە زمانم گیرا.
بالای عەقڵ و بالای زەوقم, ئاخر هێندە هەڵکشاو بوو.
ببورە ئەوسا نەمزانی وات پێبڵێم.